# بەرد .... و ... دوعا

قوبادی جەلی زادە



میر گوتی :

جوانترین بەرد ئەو گاشە بەردانەن ،

کە لە فیچقەی خوێنی ( دوعا ) کاندا سوور دبن !

میر گوتی :

پیرۆززترین بەرد ئەو بەردە رەشانەن ،

کە لە کەللەسەری ( دوعا ) کانداووردو خاش دەبن !

میر گوتی :

سەنگینترین بەرد ئەو تاشەبەردانەن ،

کە بۆ گۆڕی ( دوعا ) کان دەیانکەین بە کێل !

دوعاگوتی:

ئێوە بەرد لە تەیرەن ئەبابیلە دەخوازنەوە ،

تا ڕەوە پۆڕی جوانیی پێ ڕەجم کەن !

بەرد لە مەرقەدی چاک و پیران قەرز دەکەن ،

تا گڵۆپی کۆڵانەکانی عیشقی پێ بشکێنن !

ئێوە بەرد دەخەنە هەموو کانیلەیەک ، کاتێ تیایدا مانگ رووت دەبێتەوە .

بەرد دەگرنە لق و پۆپی هەر دارتوێک ، کاتێ دووگیان دەبێ بە شیرینی !

بەرد داوێنە نێڵە نێڵی هەر چرایەک ، کاتێ شەلاڵ دەبێ لە بینین !

دارلاستیکەکانتان ، هەمیشە پڕن لە بەرد ،

هەڵفرین دەکوژن !

قۆچەقانیەکانتان ، هەمیشە پڕن لە بەرد ،

هۆشیاری دەکوژن !

چنگتان ، هەمیشە پڕن لە بەرد ،
پەپوولە دەکوژن !

قەڵاتی ئازادی دەڕووخێنن و ... بەرد دەدزن !
باڵەخانەی یەکسانی کاول دەکەن و... بەرد دەدەزن !
تەلاری مافی مرۆڤ وێرا دەکەن و .. بەرد دەدزن !

بەبەرد هێلانەی فیمینیستەکان ، تێک و مەکان دەدەن !
بەبەرد باوەش و بوکە شووشە دەتۆقێنن !
بەبەرد شووشەی شەرەفی دوعاکان دەشکێن !

ئێوە ..
بەرد دەکەن بە دەستاڕوو ... مەمکی دوعاکانی پێ دەهاڕن !
بەرد دەکەن بە ئاون و ... دڵی دوعاکانی پێ دەکوتن !
بەرد دەکەن بە باگوردێن و ... چاوی دوعاکانی پێ دەگێڕن !

دوعا دەڵێ :
ئەو دەمە بەردتان خۆشدەوێ :
کە شارە زەنگەسوورەیەکی پێ هار دەکەن
کەباڵی چۆلەکەیەکی پێ هەلاج دەکەن !
کە چاوی چرایەکی پێ دەرێژن .
کە گەردنی گوڵێکی پێ لار دەکەنەوە !

ئێوە پڕن لە کەڵەکە بەرد ..
ئاتەشگەکان ، پڕن لە بەرد .
کڵێساکان ، پڕن لەبەرد .
مزگەوتەکان ، پڕن لە بەرد .
دیوەخانەکان ، پڕن لە بەرد .
گیرفانەکانی میر ، پڕن لە بەرد !